***بەرکوڵێ لە مێژووی شۆڕشی فەرەنسا...1789"*** هەڵۆ بەرزنجەیی 11.9.2021

***„ئێمە بە 3 ڕۆژ زەمین و ئاسمانی سەدەهایەکمان بڕی".***

بەشی ١ ـ ٣



سەرەتایەکی کورت..

**فەڕەنسا..** وڵاتێکە ڕەگی بە قوڵایی مێژووی ئەوروپادا ڕۆچووە، لە ڕەگەزی جۆراوجۆر دروست بووە، کە دواجار دوای پرۆسەیەکی درێژخایەن،بە هەموویان جەستەیەکیان پێکهێناوە بە ناوی فەرەنسا، وەک نەتەوە و دەوڵەت و کولتوور و مێژوو. و ناسنامە.مێژووی ئەم وڵاتە پڕ لە شەڕوشۆڕ و هەرای جۆربەجۆرە. ئاینی کاسۆلیکی زۆرینەیە و پرۆتستانتی کەمینەیەکی چەوساوە و زوڵم لێکراوە. پاش شەڕ و کێشمەکێشی دەرەکی و ناوەکی فەرەنسا کاریگەرێتی ڕێنیسانس و هیومانیزمی ئیتالی بۆهات... بەتایبەتی لە بواری تەلارسازی دا.

ئەوەبوو دروستکردنی کۆشکی Loire,Louver Clément Janequin,Jean Bodin, Montaigne, François Rabelais,Jean Clalvi ... Moussier دەڵێ: **"دەسەڵاتی فەرەنسی بریتی بوو لەدەسەڵاتی کاسۆلیکی و پاشایەتی ڕەها... دەسەڵات گرێدراوی : کەسایەتی پاشا و ئیرادەی بەهێزی و توانا و لێوەشاوەیی و بەڕێوەبەرایەتی و زیرەکی دانایيەتی“** .

جێگەی فەڕەنسا لە مێژووی جیهاندا، پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات.. ئەم دەوڵەتە تا ئێستاش لەسەر شانۆی جیهانی ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر و بەرچاو دەگێڕێ..وا 232 ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر شۆڕشی مەزنی فەرەنسی دا، وەک چرکەساتێکی مێژووی بێ وێنەی گەورەی مرۆڤایەتی، کەچی ئەم شۆڕشە هێشتا بایەخ و کاریگەرێتی لەدەست نەداوە و تا دێت تیشکی ڕووناککەری و دروشمە بەرزەکانی «*ئازادی و یەکسانی و برایەتی*» کون و کەلەبەرەکانی هەسارەی زەوی ڕۆشن دەکاتەوە و هاوکات بۆتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ جیهان.ڕەنگە لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا بستۆکەیەک نەبێت کاریگەرێتی ئەم شۆڕش و دروشمانەی بەسەرەوە نەبێت. شۆڕشەکە وەک هەقیقەت و فاکتێک لەسەر ئەرزی واقیع لە دایک بووە و پێڕەو کراوە و گۆڕانکاریی بنچینەیی بەدەستهێناوە و بۆتە ئەزموونێکی تایبەت بەخۆی بۆ گەلانی جیهان.

دەربارەی ئەم شۆڕشە مەزنە بە هەزاران هەزار سەرچاوە هەیە،خەرمانێکی گەورە لە کتێب نووسراوە و سەدان فیلم ساز دراوە، چەندین هەزار شانۆگەریی نمایشت کراوە و ملیۆنەها وتار نووسراوە ،ژمارەیەکی بێشومار لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی لەسەر ئەنجام دراوە. بەردەوام بەرهەمی نوێ دەکەوێتە بەردەست و توێژینەوەی بەردەوامی لەسەر دەکرێت. لە ناوەندە ئاکادیمیی و فەرمییەکان و میدیا جیهانییەکان دا یادی دەکرێتەوە و باس دەکرێت. ئاخر شۆڕشی ناوبراو شۆڕشێ بوو هەر فەڕەنسا و سیستەمە ڕەهایەتییە قاڵب بەستوو و چەسپیوەکەی نەگۆڕی، بەڵکوو گشت گەلانی ئەوروپایشی بەتایبەت بە ئاگا هێناوە و نەخشەی ئەوروپای بەتەواوی گۆڕی و جیهان بە تێکڕا کەوتە ژێر کاریگەرێتی دروشمەکانییەوە.

شۆڕشی فەڕەنسا بەخۆیی و کاریگەڕێتییەکانییەوە هێشتا ! ڕووداوێکی گەورە و جێی بایەخی جیهانییە، بۆ هەژاران و ماف خوراوان بەرپا بوو، مافەکانی مرۆڤی بەرزکردەوە و داکۆکی لێکرد و کاری بۆ چەسپاندنیان کرد و دادپەروەری دەویست و ئامانجی برایەتی

نێو گەلانی بوو.. دروشمەکانی ئەم شۆڕشە هێندە گرنگ و پیرۆزن، تەنانەت دیکتاتۆرەکانیش ناتوانن بانگاشەی بۆ نەکەن و خۆی لێ بدزنەوە و نکۆڵی لێ بکەن و نادیدە بیگرن.

مێژووی ئەوروپا لە ڕووی زانستییەوە، دابەش کراوە بەسەر مێژووی کۆن و مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست و مێژووی هاوچەرخ دا... گەشترین کاتەکانی 1000 ساڵ پێش زاین و 500 ساڵ دوای زاینە، کە لەسەر دەستی گریکی/ یۆنان و ڕۆمانییەکان تۆمارکراوە... لەو سەردەمەدا ئەوروپا کۆمەڵگەیەکی سیما کشتوکاڵی  بوو. بە چاندن و کشتوکاڵ و بەرووبوومەکەیەوە خەریک بوون و هەروەها ئاژەڵداریش پیشەی زۆریان بوو. تەکنەلۆژیا لە ئارادا نەبوو. دەوڵەت و یاسا و ڕێسای گونجاوی وەک ئێستە دروست نەبوو بوو.. لە ڕۆژگارە تاریکەکانی مێژوودا خانەدان/ نەجیبزادە سەری هەڵداوە ، ئەمانە کۆمەڵێکی کەم بوون بەڵام خاوەنی ئیمتیاز بوون و لەبەرانبەر زۆرینەی خەڵکدا بەتایبەت جوتیاراندا بەکاریان دەهێنا. ئەم مافی ئیمتیازە بۆ زەویزار بوو، کە لەبەرانبەر پارە و باج دا دەیاندایە دەست جوتیاران بۆ بەکارهێنانی وە زۆرجار بەرانبەر وەگرتنی دانەوێڵە و خواردن دا. بەم پێیەش گوایە خانەدانەکانیش ئەرگی پاراستن و پارێزگاری جوتیار و زەوییەکەیان دەگرتە ئەستۆ. دیارە دەبێت بووترێ کەوا هەموو جوتیاران ملکەچی ئەم یاسایە نەبوون، چونکە زۆرینەیان ئازاد و سەر بە هیچ خانەدانێک نەبوون.

ئەوروپا بەگشتی و ڕۆژئاواکەی بەو شێوەیەی داڕێژرا بوو، دەق و چوارچێوەیەکی گرتبوو هێندە مەحکەم و تۆکمە کرابوو هەرگیز کەس لەو باوەڕەدا نەبوو بلەرزێ و نەخشەکەی بگۆڕدرێ. ستراکچەر و ژێرخانی دەسەڵاتی ڕەهایی و پاشایەتی تێدا هەڵبوەشێتەوە و لە کار بکەوێت. پاشا و قەیسەرەکان خۆیان بە نوێنەری خودا دەدایە قەڵەم و ڕەوایەتیان بە ڕەفتارەکانیان دەبەخشی. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پیاوانی ئایینی زانین و "سەروەریی لێکدانەوە" Deutungshoheit یان مۆنۆپۆل کرد بوو. هەرچییان دەکرد دەیان گێڕایەوە بۆ فەرمانی خواوەند و مرۆڤی ئاسایی و هەژاریش چەقی ئەم ململانێیە بوو،کە تێدا دەبووە قوربانی سەرەکی. بە گوناحکار ناودێر دەکرا!  و گوایە لە ڕۆژی حەشردا بڕیاری بۆ دەدرێت بچێتە دۆزەخ یاخود بەهەشتەوە.. ئەم پێوەر و دیاریکردنەش وەک فەرمان و بڕیار لە کلێساوە دەردەچوو.. کارەساتە سروشتییەکان - پەتا و لافاو و هەورەبرووسکە و کارەساتەکانی تریان- بەسزای خودایی بۆ مرۆڤ لێک دەدرایەوە. ئەم جۆرە پڕوپوچێتییە بە شێوەیەکی بەرفراوان زاڵ بوو. ڕێگای بەرەو ڕۆشنگەریی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە لای شارەکانی خوارووی ئەوروپای نەک باکووری زنجیرە چیای ئالپ تا دەهات ڕۆشنتر دەبۆوە... وردە وردە ئەم دەستەوتاقمە زانای جیهانی و زانکۆ دامەزرا و لەدەرەوەی کلێسا سەربەخۆ خەڵکی نوێی تێدا پەروەردە دەکرا...



بە کورتی شەپۆلی ڕێنیسانس Renaissance /  لە ئیتالیاوە هەڵی کرد و وێنەیەکی سێکۆلاری مرۆڤی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە. پرسی هیومانیزمیش Humanismus / وەک پێشخانێک گرنگی ڕۆشنگەری لە ئارادا بوو... دەکرێ بووترێ لەساڵی 1450 بەهۆی گەشتە دەریاییەکانەوە بەرچاو ڕوونییەکی نوێ هاتە پێش مرۆڤ بۆ ژیان و پەیوەندی ئایینی لەگەڵ کرستیانێتی ... Christentum/ کە دواتر ئەمانیش لەسەدەی 16 هوە بە ناچاری کەوتنە بەردەم ڕیفۆرم. بەتایبەت کە مەزهەبی پرۆتێستانی سەری هەڵدا و « پرنسیپی ڕەخنە لە دەقەکان» لە ڕۆژگاریی ئاینگەراییدا بووە چەقی بیرکردنەوەی مرۆڤی ڕۆشنگەریی. بنپێکردنی لێکدانەوە سەروەرییەکان... گەشتی فێربوون و توێژینەوەکان بەتایبەت لە زانستەکانی « ماتماتیک و زانست»دا جێی بە گەشتی حەجکەران کەم کردەوە. هەموو ئەمانە لەگەڵ چڕکردنەوەی بازرگانی کردندا بەرفراوانتر کران. فەلسەفەی بیرکردنەوەی نوێ، گومانی لە ڕێباز و دۆگمایەک سازدا، کە بریتی بوو لەو ئەقڵێتە باڵادەستەی ئاینزای کاسۆلیکی - ڕۆمانی لە ڕۆژئاوای ئەوروپادا چەسپاند بووی ـ بەتایبەت دوو دیاردە و سیمبۆڵ کە " پاپا و قەیسەر"  خۆیان بە نوێنەری خوا دەدایە قەڵەم..

ئەگەر پێناسەکەی فەیلەسووفی ڕۆشنگەریی Kant ئاماژە پێ بدەین "***ڕۆشنگەریی دەرچوونی مرۆڤە لە ناکامڵی و دەستەپاچیی و دەستەوسانی خودی خودیی***"ە. بەواتایەکی تر بانگەوازێکە ڕوو لە مرۆڤ کراوە و داوای لێ دەکات ئەقڵی خۆی بەکار بهێنێت بۆ **: " بیرکردنەوە، داوای بەڵگەسازی بکات لە جێی ئەوە خێرا بەسادەیی باوەڕ بە شتەکان بکات،مافی مرۆڤ داوا بکات و داکۆکی لێ بکات، ،دەسەڵاتی دەبێت دابەش بکرێ و جیا بکرێتەوە لەسەر بنەمای بۆچوونەکەی مۆنتیسکۆ، ئازادی بیروباوەڕ و ئاینن فەراهەم بکات".**

هەردوو نووسەری فەرەنسیJean Bodin و Jacques Bénigne Bossuet لە سەتەی 16-17 دا جێ پەنجەیان سەرەتای ئەم بزاڤەیان نەخش کرد،لە ڕێگەی گومانیان لە ڕەوایەتی ئاین و دەسەڵات. دیارە لەگەڵ گەرم بوونی ململانێ لەنێوان پەرلەمان و پاشایەتیدا لەسەر دەوڵەت و دەسەڵاتەکەی فەیلەسوفانی وەک Thomas Hobbes1588-1679 و-John Locke1632 1704هاتنە مەیدانەوە و مەشخەڵێکی نوێیان لەم بوارەدا هەڵکرد.. کە ناسراوە بە «تیۆریی گرێبەستی» ئەمانە وێنەی مرۆڤیان بە سەنگ و بایەخێکی نوێوە کێشا و هەلومەرجێکیان خوڵقاند کە مرۆڤ لە « دۆخی سروشتی»دا سەربەخۆ بژی نەک ملکەچی ئێرە و ئەوێ بێت. مرۆڤ مافی هەیە و مافەکانی سروشتین. ئەرکی سەرشانێتی بۆ ژیان و ئازادی و خاوەندارێتی تێبکۆشێ و ئەوی تر قبوڵ بکات. بەم پێیە هەنگاوبەهەنگاو بیر لەوە کرایەوە دەسەڵات لە فۆرمی جیاوازدا دابەش بکرێ. تا دەهات مرۆڤەکان لێک نزیک دەبوونەوە و گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەبووە پێداویستی "پەلەی ژیان"یان... ئەم دوو ناوبراوە داواکانی مرۆڤیان تا ڕادەی کۆمەڵگەی هاوڵاتی برد. لۆک هێندەی هۆبز ئارەزووی لە دەوڵەت نەبوو..

هەر لەم سەرووبەندەدا فەیلەسووفی فەرەنسی مۆنتیسکۆ Charles de Montesquieu بەخۆیی تیوریی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە **" دەسەڵاتی داڕشتن و جێبەجێکردن و دادوەری"** کە تا ئیمڕۆ کاری پێ دەکرێت هاتە مەیدانەوە.. کتێبی «ڕۆحی یاسا» ی ساڵی 1704 بڵاو کردەوە. گرنگ ئەوەبوو مۆنتیسکۆ خۆی خانەدان بوو، کەچی ڕەخنەی توندی لە سیستەمی ڕەهایەتی لودڤیگی شازدە دەگرت و ناوی نا ستەمکاریDespotimus و داوای دەستوورێکی نوێنەرایەتی دەکرد. ئامانجی بنجی مۆنتیسکۆ ئەوە نەبوو هەر هاوڵاتییەک چمکێکی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، بەڵکو دەیویست لای کەسانی سەرەوەی دەسەڵات بەدەست، هەوڵی چاککردنی حکومەت بدات. بەدوای ئەمیشدا فەیلەسووفی ڕۆشنگەریی ڕۆسۆ Jean Jacques Rousseau 1712-1778 سەری هەڵدا و بەشاکارەکەی « گرێبەستی کۆمەڵایەتی» بەشدارییەکی باشی کرد، لە داکۆکیکردن لە **سەروەری گەل** دا و **یەکسانی نێوان مرۆڤ**. ناوبراو پێی وایە بناخەی دەوڵەتێکی باش بەدەستیهێنانی ئازادی هەر تاکێکە لەو دەوڵەتەدا. ئەمە وا دەکات، «ویستی هاوبەش - volonté générale» دروست بێت بۆ بەستی گرێبەستەکە... ڤۆلتێریش 1694-1778 (Francois –Marie Voltaire Arouet) بە بەشداری لەم پرۆسەیەدا قورسایی خۆی خستە سەر بانگەوازەکانی ڕۆشنگەریی کە داوای دەکرد.

لەم دۆخەی ڕۆشنگەریدا 1751-1772 لە فەڕەنسادا دەستەبژرێ هەڵسان بە کۆکردنەوەی زانیاری و زانینەکان لە پرۆژەکتێبێکدا کە ناسراوە بە ئینسیکۆپیدیا Encyclopédia و لە ساڵی 1780 نزیکەی 35 بەرگی لێ دەرکرا. کە بە یەکەم ئیسیکلۆپیدیای جیهان هەژمار دەکرێت.. ناوە ناسراوەکانی وەک Denis Diderot,Jean Le Rond d,Alembert بەشداربوون لەم پرۆژە گەورەیەدا، کە نزیکەی 60,000 هەزار بابەتی لەخۆی گرتبوو. ئەم شاکارەی ئەو ڕۆژگارە زوو وەرگێردرایە سەر گەلێ زمانی جیهان.. بیروبۆچوونەکانی هۆبز و لۆک بارودۆخی پێش شۆڕش سەردەمی پێش شۆڕش ،سیستەمی سیاسی ناسراو بوو بە Ancien Régimeسەردەمی ڕەهایەتی Absolutismus 1661-1715 بەتایبەت پاشا Ludwig XIV کە بەمیرات دەسەڵاتی لە پاشا Ludwig XI ی چواردەوە بۆ مابۆوە بەوە ناسراوە،کە هاوکات بە **"پاشای خۆر"**یش ناوی دێ، یاخود وتە بەناوبانگەکەی **"من دەوڵەتم"** ستراکچەری ڕەهایەتی دەنواند. هەر بۆیە سیستەمی ڕەهایەتی بە دیوێکدا فیوداڵی فەڕەنسا هاوتای نەبوو لە ئەوروپا و جیهان دا. ئەم سیستەمە **" فۆرمێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەڵساو بوو لەسەر یاسای دەرەبەگی، کە مومارەسەی هەموو وەزیفەکانی دەسەڵاتی دەکرد، لەلایەن چینی باڵای ئەریستۆکراتییەوە کە خاوەنی بنچینەکانی رژێمی دەرەبەگی بوو لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستی سەدەمی دەرەبەگیدا"**...

مێژوونووسان جیاوازی نێوان مێژووی فەرەنسا و ئەڵمانیا لەوەدا دەکەن پاشای فەرەنسییەکان لەناوەڕاستی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، سەرکەوتوو بوون لە کۆکردنەوە ماف و هەقی حوکم کردن. یەککگرتووش بوون و تاکە پاشایەک وەک دەسەڵاتی ناوەندی حوکمی کردووە. کەچی بە پێچەوانەوە لای ئەڵمان فرەیی لە پاشا و پارچەپارچەییدا دیاردەیەکی ئامادە بووە. ئەمەش وای کردووە دەسەڵات لە فەرەنسا مەحکەمتر و تۆکمەتر بێت. هەروەها لە فەرەنسا بنەماڵەی خانەدانی زۆر زۆر بەهێز دروست بوون و سەریان هەڵدا. سەدەی 16 لەفەرەنسا هەمووی شەڕی ئاینزایی بووە. لێرەدا تەنیا پاشا و دەسەڵاتەکەی سوودیان لەم هەرا و ناکۆکییانە دیووە و بەردەوام پێگەی خۆیان قامتر کردووە. شەڕ و بەرخۆدانی خانەدانەکان بەتایبەت 1648-1653 بووە مایەی ئەزموون و وانەیەکی دەوڵەمەند بۆ پاشا ساواکەی Ludwigs XIV. .



**هۆکارەکانی شۆڕش و کڵپەکەی...**

فەڕەنسا بەهۆی شەڕە بێ کۆتاییەکانییەوە،بارودۆخی لەڕووی ئابووریی و  داراییەوە زۆر خراپ بوو. دەوڵەت کەوتبووە ژێ قەرزارییەکی زۆرە و بەتەواوی نابووت بووبوو. ستراکچەری دەسەڵاتی ڕەهای پاشایەتی فەڕەنسی، پشتیوانی کردن لە  شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکا و بەڕێوەبردنی چەندەها بەرەی شەڕی دیکە، بۆ نموونە  7 ساڵ شەڕ لەگەڵ ئینگلیزدا، کارێکی کردبوو خەرجییەکی زۆر کەوتبووە سەرشانی دەسەڵات و بەم هۆیەوە خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ بوو. هاوکات فەڕەنسا گەلێ سەرچاوەی داهاتی لە کیس چوو،بەتایبەتی سەرچاوەکانی داهاتی لە ئەمەریکاوە. ئینگلتەراش ڕکەبەرایەتییەکی سەختی دەکرد.

فەڕەنسای ئەو ڕۆژگارە لەسایەی دەسەتی ڕەهایەتی پاشادا،  لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەسەر سێ دەستەو تاقم/ گرووپدا دابەش بووبوو. **دەستەی یەکەم: پیاوانی ئایینی کە دەوری 30,000 هەزار کەسێک دەبوون و وابەستەی دەسەڵاتی کاسۆلیکی پاپای ڕۆما بوون. دەستەی دووەم: خانەدانەکان کە نزیکەی 350,000 هەزار کەسێک دەبوون و ئەوی تری کە بەدەستەی سێیەم ناوبراوە 24 ملیۆن کەسی،واتە میللەت.** دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە زۆربەی نووسینەکان بەرگێکی ئایدۆلۆژییان کردۆتە بەر ئەم ڕاستییە و بە چین ناوی دەستەکان دەبەن. لەدەقە فەڕەنسی و ئەڵمانییەکەشدا بە چین ناویان نەهاتووە، بگرە بە پێگە،دەستە و تاقم، گرووپ ـ ئەو ڕۆژگارە خەملێندراوە و 95% خەڵکەکەیان پێکدەهێنا و ئەو دوو دەستەیەش 3% . لەم باجە 6% واتە نزیکەی36 ملیۆنی بۆ کاروباری کۆشکی پاشایەتی تەرخان بوو.

سیستەمی باجدان/ ئابووری فەڕەنسی لەچاو ئینگلیزدا خراپ و سەقەت بوو. بۆ نموونە ساڵی 1781داهات 503 ملیۆن  Livre و خەرجی 629 ملیۆن بوو. شانبەشانی هەموو ئەمانەش هەڵچوون و باڵادەستی ئابووری و دەریاوانی بەریتانیای مێمڵ و ڕکەبەر، گرفتی گەورەی بۆ فەڕەنسا پێشهێنا. فەڕەنسای ئەو ڕۆژگارە بەهێزترین دەسەڵاتی کیشوەری ئەوروپا بوو. دواجار گرفت و کێشەکان هەمووی ڕووبەڕووی پاشا لودفیگ بووبۆوە کە تازە هەڵدەکەوت و دەسەڵاتی گرتبووە دەست.

لە سیستەمی ڕەهایەتدا پاشا ڕەها و سەربەستە لە هەموو کۆتوبەندێک و دەستکراوەیە، چی دەکات و  هەڵسوکەوتی چۆنە و بە تاقی تەنیا بڕیاری دەدا و کەس بۆی نییە  ڕێگریی لە کار و بڕیارەکانی بکات. ئەم دۆخ و قەیرانەی هاتبووە پێش بۆ فەڕەنسایەکی گەورە و بەهێز جێی قبوڵکردن نەبوو.  چۆن دەسەڵات لەدەست بدات و لاواز بێت. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان بەری پێ نەدەگیرا و کێشەی نێوان خەڵک تا دەهات ئاڵۆز دەبوو، بەهۆی ئەوەی دەوڵەت قەرزار بوو، قاتوقڕی و گرانی بوو. سیستەمی باج وا ڕێکخرا بوو، بەس بەسەر دەستەی سێیەمدا سەپێندرا بوو، کە لە زۆرینەی جوتیار و  هەژار و ڕەنجدەران و کاسبکاران و بازرگانان و مامۆستا و دادوەر و پیشەوەر و فەرمانبەرەکان پێک هاتبوو. ئەم دەستەیەش نوێنەریان لە پەرلەمان نەبوو و کەسیش داکۆکی لێ نەدەکردن.

بەشێکی زۆری خانەدانە گەورە و بەهێزەکان لە کۆشکی پاشا لە ڤێرسای دەژیان و خەریکی خۆشی و ڕابواردن و سەمای شەوانەی خۆیان بوون. وتەیەکی بەناوبانگ هەیە" **وەک خوا بژی لە فەڕەنسا"** ببووە دروشمی زۆر کەس و لایەن. باج لەسەر کەلوپەل و شتەکان بەتایبەت **"خوێ"** کە پێداویستییەکی سەرەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بوو، زیاد کرا و شمەکی تریش گران بوون و بەزەحمەت بەدەست دەهاتن. سەرچاوەی داهاتی فەرەنسا باجدانی ڕاستەوخۆ بە دەسەڵاتی پاشایەتی باری گرانی ناخانەدانەکانی گران کردبوو. بەهۆی ئەوەوەی ئاینی دەوڵەت کاسولیکی بوو ئەرک و خەرجییەکی زۆر بوو بۆ فێربوون و کاروباری بەڕێوەبردنی ناوخۆ و کڵێسا

و ئەندامەکانی. « **دەبێت ئاماژە بەوە بدەین دەسەڵاتی کڵێسا وەک دەوڵەت حوکمی دەکرد**» و دەبوو لەخزمەتی سیاسەتی فەرمی پاپای ڕۆمادا بووایە و پشتیوانی داراییشی بکات.

لە فەڕەنسا کۆمەڵگەیەکی هەژار و کەم دەرامەت سەری هەڵدا بوو. لە دۆخێکی ئاوهادا پیاوانی ئاینیش دەبنە خاوەن مافی تایبەت و هەق بەخۆیان دەدەن داهاتیان هەبێت، کە بریتییە لە باجدانی خەڵک. پیاوانی ئایینی تەنانەت لە بۆنە ناخۆشەکانی مردندا بەپارە کاریان بۆ خەڵکی هەژار دەکرد، بۆنموونە: لە خوێندنی نزا و پاڕانەوەی سەر مردوو و ناشتن دا. لێکۆڵەران دوو هۆکار بۆ ئەو دۆخەی فەرەنسا باس دەکەن: پاشای فەرەنسا هەتا کۆتایی ڕژێمەکەی کە بە Ancien Régime ناسراوە، نەیتوانی فەرەنسا بکاتە یەکەیەکی ئابووری یەکگرتوو. گومرگی ناوخۆیی و سنووررداری بازرگانی ڕێگر بوون. بەڵام لە ئینگلستان ئەم کێشانە نەبوون بۆیە ئابووریان بەهێزتر بوو. ئەڵمانیش یەکگرتنی ئابووری پێش یەکگرتنی سیاسی بەدەستهێنا. دەستەیەکی باڵا لە بەرپرسانێک پێک هاتبوون کە تەنیا بەرپرسی لای پاشا بوون و فەرمانەکانیان لەناوچە و هەرێمەکان دا جێبەجێ دەکرد. بەکورتی ڕاستە دەسەڵاتی سیاسی لەژێر حوکمی یەک پاشادا بووە،لێ ئابووری کەرت کەرت بووە. سیستەمی باج وەرگرتنیان خراپ بوو. دەوڵەت باجی ڕاستەوخۆی لە خەڵک وەرنەدەگرت، بەڵکو لەرێگای ئەو خەڵکانەوە کە ماف و دەسەڵاتی ئەم کارەیان پێ درا بوو. لەمەشدا دیزەبەدەرخۆنەیی دەکرا و لەکڕین و فرۆشتنی سامانی دەوڵەتدا. ئەم هەموو نارێکوپێکی و بەهەدەرچوونەی سامانی ناوخۆ، یاخود پەرشوبڵاویە زیانی بە خەزێنە و ئابووری فەرەنسا گەیاند.

ساڵی 1788 ئیدی بەتەواوی خەڵک پرزۆڵی لێ بڕا بەتایبەت" **ئارد و نان**" کە بژێوی سەرەکی ژیانن و کەس بێ ئەمانە ناتوانێ بژی، زۆر گران بوون و قاتوقڕی سەری هەڵدا. خەڵک وای لێهات کەوتنە پەلاماردانی نانەواخانەکان و ئەو شوێنانەی ئارد و نانیان لێ بەدەست دەهات.برسێتی کارێکی بەخەڵک کرد،تەنانەت گەر یەکێ نانی بەدەستەوە بوایە پەلامار دەدرا. ئەو سەردەمە ڕژێم "**دەفتەری گازندەیی**" Cahiers de doleances دانا بوو، تاوەکو هاوڵاتیان ڕاز و گازندەیی خۆیانی تێدا بنووسن و دەسەڵاتیش بۆچوون و داواکان لەبەرچاوی بگرێ. ئەو کێشە سەرەکییانەی لەلایەن خەڵکەوە لەم دەفتەرەدا تۆمار کراون، بریتی بوون لە:" پاشا هێشتا پیرۆزە، فۆرمی دەوڵەت جێی گلەیی نییە. کێشەی سەرەکی کەمکردنەوەی باجە. لابردنی ئیمتیازاتی خانەدانەکانە، سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی پاشا، وەک یەک لێکردنی ماف لە فەرەنسا و هەندێکیش دەستکاریکردنی دەستوور" ، لە داخوازییە سەرەکییەکان بووە.

حکومەت / پاشا زۆر هەوڵی دا، چارەسەری ئەم قەیرانە گەورەیە بکات و چاکسازی بکات، بەڵام دۆخەکەی پێ چارەسەر نەکرا و سەرکەوتوو نەبوو. جارێ ویستی لەسەر خانەدانەکان باج دانێ، ئەوان ڕەتیان کردووە. ئیدی ناچار لەمانگی ئاداری 1789 داوای کرد هەڵبژاردن بکرێ بۆ کۆبوونەوەی گشتیdomaines generaux ،بە ئەڵمانی Generalstände بە ئینگلیزی general estates . بۆ ئەوەی نوێنەرانی هەموو دەستەکان هەڵبژێردرێن چارەسەر بدۆزنەوە و ڕەزامەندی دەربڕن لەسەر یاسای باجدانی نوێ. ئەمەش شتێکی نوێ بوو،هەر سێ دەستەکە پێکەوە کۆببنەوە. دواجار لە ساڵی 1614 ئەم سێ دەستەیە پێکەوە بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد بوو.،واتە 175 بوو زەمینەی وا نەڕەخسا بوو. بە کورتی ئەم قەیرانە قوڵەی دەوڵەتی تێ کەوتبوو، دەبوو چارەسەر بکرێ.

بانگەواز بۆ کۆبوونەوەی گشتی کرا و لە کۆشکی ڤێرسای Versailles - کۆشکی ڤێرسای نزیکەی 20,000 هەزار کەسی تێدا دەژیا لە پاشا و دەست و پێوەندەکانی و بەشێکی زۆری خانەدانەکانی نزیک لە پاشا. 30,000 هەزار کەس کاریان تێدا دەکرد. 25,000 هەزار سەربازی پاسەوانییان لەم کۆشکە دەکرد. تایبەتمەندی ئەم کۆشکە هێندە جێی بایەخ بوو، بە نزیکەیی زۆر لە وڵاتانی جیهان وەک لاساییکردنەوە کۆشکێکی وایان بۆخۆیان دروستکرد. کۆبوونەوەکان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکان لە 5.5.1789 لەم کۆشکەدا بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد بە ئامادەبوونی 1165 نوێنەر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بارودۆخی وڵات و سیستەمی باجدان.

.{{ دەستەی یەکەم:291 کەس، دەستەی دووەم : 270 کەس، دەستەی سێیەم: 578 کەس}}. دەستەی سێیەم بۆ یەکەم جار بەم ژمارە زۆرەوە بەشدار بوون ، دەنا هەمیشە 300 نوێنەر بوون - پێدەچێت هەر لەسەرەتاوە هەستیان بە ترسێک کرد بێت و خۆیان بۆ گۆڕانکارییەک ئامادە کرد بێت!!. لە ڕاستیدا هەرگیز ڕێگە نەدەدرا جوتیار و سەپان بە نوێنەر هەڵبژێردرێن،لەگەڵ ئەوەشدا باجەکانی سەر شانیان بۆ پاشا،کڵێسا، سوپا،خانەدان زۆر بوون و خانەدانەکان ڕەفتاریان خراپ بوو، قەرزیان نەدەدا بە دەوڵەت و دەوڵەتیش نەیدەتوانی قەرزەکانیان بداتەوە، کە برێکی زۆریش سووی دەچووە سەر. ئەم دەستەیە لە دۆخی خۆیان کەوتنە گومانەوە. دەستەی سێیەم کرابوونە کۆیلەیەکی تەواو. نوێنەرەکان بەتایبەت لە دەستەی پیاوانی ئاینی و خانەدانەکان شوێنی دانیشتنەکانیان وەک فراکسیۆنێک دیاری کرا بوو، هی دەستەی سێیەم دەبوو نوێنەرەکان خۆیان بگەڕێن شوێنێک بدۆزنەوە لێی دانیشن. ئەم هۆکارە وای کرد دەستەی سێیەم دوور لەیەک و بە پەرشوبڵاوی دانیشن.

هەر لەسەرەتاوە جیاوازییەکان بەدی دەکران، بەشدار بووان بە جلوبەرگەکانیاندا دەناسرانەوە ( پیاوانی ئایینی بە ڕەنگی مۆر و چارۆکە لە کۆڵیوە، خانەدانەکان بە جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگەوە و دەستەی سێیەمیش بە جلوبەرگی ڕەش)وە دانیشتبوون. لە هەموویشی سەیرتر ئەوە بوو پاشا و خانەدانەکان کڵاویان لەسەر کرد بوو. هاوکات کۆمەڵێ کەسی ئاسایش لەدەستەی سێیەم هەمان شت دەکەن و کڵاو لەسەر دەکەن، تا بیسەلمێنن هیچ جیاوازییان لەگەڵ پاشا و خانەدانەکاندا نییە. پاشا بە دیمەنەکە نارەحەت دەبێت، کە خەڵکی

ئاسایی وەک ئەو خۆی پۆشیووە و کڵاویان لەسەر ناوە، بۆیە کڵاوەکەی خۆی لادەبات. دوای ئەویش خانەدانەکان بە ناچاری و نابەدڵی کڵاوەکانیان لادەبەن.

کۆبوونەوەکەی پاشا لە ناوەڕۆکیشدا بۆ ئەوە بوو وانەیەکی نوێ بداتە دەستەی سێیەم و بەشێوەیەک لە شێوەکان کۆتایی بە ناڕەزاییەکانیان بهێنێ. کۆبوونەوەکە ڕۆژ و مانگی زۆری خایاند و ئەنجام نەبوو. دوای ئاماژەدان بە قەیرانی دارایی و ئابووری، قەرزاری دەوڵەت و سیستەمی باجدان، هەڵهاتنی تیشکی خۆری ڕۆشنگەریی، زەمینەی شۆڕش کردن تا دەهات خۆشتر دەبوو. ڕۆژێ پاشا دەیەوێ بێتە سەر کرۆکی باسەکە کە باجدانە، داواکانی گوێی لێ ناگیرێ. پاشا وەزیری دارایی لە کارەکەی دووردەخاتەوە، چونکە لایەنگری دەستەی سێیەم بوو. دوای ئەوەی نەگەیشتنە ئەنجام و پاشاش زۆر بۆی گرنگ بوو چارەسەرێک بدۆزرێتەوە.

داوا لە دەستەی یەکەم و دووەم دەکات باج بدەن و بەشداری میحنەتەکە بکەن و ئەرکی سەرشانی دەستەی سێیەم کەم کەنەوە. ئەوان بە جووتە باجدان ڕەت دەکەنەوە. ناچار پاشا دەڵێ: بۆ دەنگدان ژمارەی بەشدار بوو ناخوات، چونکە هەر دەستە و گرووپێک/ فراکسیۆنێک یەک دەنگی هەیە. بۆیە داوا دەکات هەر دەستەیەک بچێ ڕاوێژی خۆی بکات و بە جیا کۆبێتەوە بڕیار بدات. ئەمجارەیان دەستەی سێیەم ئەم داوایەی پاشا ڕەت دەکەنەوە و داوا دەکەن هەموو پێکەوە کۆببنەوە و بڕیار لەسەر دۆخەکە بدەن. دەستەی سێیەم هەر پێشوەخت دەیانزانی هەردوو دەستەی یەکەم و دووەم دژ بەوان دەوەستنەوە. کەواتە بە یاسا ماتماتیکییەکە دەستەی سێیەم بە قەبارە گەورە بە دەنگدان بچووک وەک ئەوان و هەر خاوەنی یەک دەنگ بوو. واتە هیچی بۆ نەدەکرا و دۆڕاوی بێ چەندوچوون بوو. کۆبوونەوە ئاکامی نەبوو. پاشا توڕە دەبێت کۆبوونەوەکە لە هۆڵێکی کۆشکەکەدا Ballhaus گەمارۆدەدات. لێرە دەستەی سێیەم لە ڕۆژی5.5.1789 **"سوێند"**دەخۆن تا دەستوورێک ئامادە نەکەن هەموو هاوڵاتیان وەک یەک و یەکسان بکات، کۆبوونەوەکان بەجێنەهێڵن.

ماویەتی

**سەرچاوەکان:**


1 - الثورة الفرنسية الاولى، 1789-1799 حسان عمران 2016

2 - تاريخ لاحركات القوميه فى اوروبه. خمس اجزاء.. تعريب, د. نورالدين حاطوم, ١٩٦٩

بە ئەڵمانی: بینی چەند فیلم و ڤیدیۆیەک لەسەر شۆڕش و ناپلیۆن.

3. Französische Revolution. Johannes Heißen 2010

4. Französische Revolution und Napoleon-Die Umgestaltung Europas. Dirk Hoffmann& Sylvia Hoffmann-Mosolf. 2009

5. Die Französische Revolution. Susanne Lachenicht. 2012

6. Geschichte Frankreich,Vom Mittelalter bis zur Gegenwart Peter C. Hartmann. 2015

7. Die Französische Revolution. Hans- Ulrich Thamer. 2004

8. Die Französische Revolution Hermann Both& A.Gestrichen. 2010

9. Geschichte Frankreichs Wolfgang Schmale 2000

10.Napoleon Revolutionär und Monarch eine Biographie Roger Dufraisse 2000

***بەرکوڵێ لە مێژووی  شۆڕشی فەرەنسا ...1789"***                هەڵۆ بەرزنجەیی 11.9.2021

***„ ئێمە بە 3 ڕۆژ زەمین و ئاسمانی سەدەهایەکمان بڕی" .***

***بەشی ٢ ـ ٣***

لەم سەرووبەندەدا Abbé Sieyés  ڕۆژی17.6.1789 کە خۆی قەشە بوو، وەک نوێنەری دەستەی سێیەم وتارێک پێشکەش دەکات: بەناوی دەستەی سێیەم کێیە؟. ئەم وتارە لەو ڕۆژانەدا بە هەزارانی لێ بڵاودەکرایەوە، لەپاڵ هەزاران وتاری ئاگرینی تری ڕۆژنامەکاندا. وتارەکە هۆڵەکەی دەهێنێتە خرۆش. ڕۆژی 17.6.1789  دەستەی سێیەم خۆیان وەک یەکەم هەنگاوی گرنگی بەرەو شۆڕش " کۆنگرەی نەتەوەیی" ڕادەگەیەنن، خۆیان بە  نوێنەری ڕاستەقینەی گەل دەناسێنن. پاشا تەواو تووڕە دەبێت، و داوایان لێ دەکات بچنە ماڵەوە. ئەوانیش بەگوێی ناکەن دەڵێن: چیدی فەرمان لە پاشا وەرناگرین.

پاشا ناچار دەبێت داوا لە دەستەی یەکەم  و دووەم دەکات بچنە پاڵ دەستەی سێیەمەوە، بەڵام ئەوان ڕەتی دەکەنەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی بانگەواز لە دەستەکانی تریش دەکات بێنە ڕیزەوە. لەم کاتەدا هەندێ خانەدانە لیبەڕاڵەکان و چەندین قەشەی هەژاری گوندەکان کە نزیکی خەڵک و لیبەڕاڵ بوون ، دێنە پاڵ دەستەی سێیەمی جوتیار و هەژارەکان. کۆبوونەوەکان زۆر دەخایەنێ و کۆنگرەی نەتەوەیی ترسی ئەوەیان لا دروست دەبێت پاشا بە سوپاکەیەوە هێرش بکاتە سەریان. دانیشتوانی شاری پاریس چرکە بەچرکە چاودێری دۆخەکە بوون و کۆمیتەی بچووک بچووکیان دروست کردبوو بۆ پارێزگاری لە خۆیان بە ئاگا و ئامادەبوون. لەم سەروبەندەدا دەنگۆیەک بڵاو دەبێتەوە پەنابردنی پاشا بۆ سوپا بڵاو دەبێتەوە، بۆیەکا گورجوگۆڵانە لەبەرانبەر ئەو ترسەدا و  بۆ داکۆکی لە خۆیان، سەرخستنی مەشخەڵی شۆڕش  بیر لە بەدەستهێنانی چەک دەکەنەوە.

ئاخر شاری پاریس، کوانووی شۆڕش بوو، بەرخۆدان تێیدا بەردەوام بوو. لەناوەڕاستی شاری پاریس وەک نزیکترین بنکەی سەربازی زیندانی بەناوبانگی باستیل  Bastille هەبوو، کە بوو بووە سومبۆڵی ڕژێم و شوێنی ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوە. خەڵکی پاریس لە 14.7.1789 دا هێرش دەبەنە سەر زیندانی ناوبراو و داگیری دەکەن لەژێر ئاڵای ڕەنگ سوور و شینی پاریس و سپی پاشادا. نزیکەی 100 کەسێک لەهەردوو لا کوژرا و بەسەدانی تریش بریندار بوون. ئیدی ئەوەی کوژرا کوژرا و ئەوی مایەوە ڕاپێچی مەیدانی پاریس کرا و لەوێ کوژرا و سەریان کردن بە دارا. ئەمەش یەکەم ڕۆژی بڵێسەی ئاگری شۆڕش بوو، کرا بە" جەژنی نەتەوەیی" و لەو ساتەوە ڕۆژی فەرمی یادکردنەوەی سەرکەوتنی شۆڕش.

لە چاو ترووکانێکدا هەواڵەکە لە تەواوی وڵاتدا بڵاو بۆوە و  پریشکی شۆڕش هەموو فەرەنسای گرتەوە. هەر لەم ئانوساتەدا گەرماوگەرم پرۆژەی دەستووری فەرەنسا ئامادەکرا، کە سیستەمی پاشایەتی بە سنووردارکردنی دەسەڵاتی پاشاوەی لە خۆ گرتبوو. دوای بیست ڕۆژێ کۆنگرەی نەتەوەیی،تەواوی ئیمتیازەکانی دەستەی یەکەم و دووەمیان هەڵوەشاندەوە. سیستەمی فیوداڵی نەهێشت و کۆتایی بە کۆیلەیەتی هێنا و هاوڵاتی بۆی هەیە بچێتە هەر بەڕێوەبەرایەتی و شوێنێکی تری گشتییەوە. بەکورتی هاوکات  کۆنگرەی نەتەوەیی لە ڕۆژی 11.8.1789 دا بڕیاری دا بۆ نەهێشتنی بونیات و سیما و پێکهاتەی ڕژێمی Ancin Régime  . دیاردەی کۆلایەتییان نەهێشت و بەدوای ئەمانەشدا گرنگترین هەنگاوی شۆڕش لە 26.8.1789 لەسەر داوای Marquis de La Fayette کە ئەفسەرێکی پلە بەرزی بوو لە شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمەریکا بەشداری کرد بوو، کۆنگرەی نەتەوەیی بڕیاری مافی مرۆڤ و هاوڵاتێتی ڕاگەیەندرا...(( هەموو مرۆڤەکان ئازاد و وەک یەک یەکسانن، مافی موڵکدارییان هەیە ئاسایش و مافی بەرگریکردن لەبەرانبەر چەوساندنەوە دا و ئازادی ئایین و بیروڕای چاپەمەنی و سەروەری گەل و دابەشکردنی دەسەڵات و هەروەها بیروڕای ئازاد و جیاکردنەوەی ئاین لە دەسەڵاتی دەوڵەت.))...

کەواتە کۆنگرەی نەتەوەیی، جێی ڕژێمی پاشایەتی گرتەوە، ئیمتیازەکان لابران و فەڕەنسییەکان هەموویان بە یاسا بوونە هاوڵاتی یەکسان و وەک یەک و پێویستە پێکڕا باج بدەن. سیستەمی کۆن هەڵوەشێندرایەوە و زۆر دیاردەی نامرۆڤانە سەرەونگوم کرا. مافی مرۆڤ و مافی هاوڵاتی بەرجەستە کران. ئەم خاڵەی مافی مرۆڤ و هاوڵاتێتی و نەهێشتنی کۆیلایەتی کتومت لە شۆڕشی ئەمەریکاوە وەرگیرا بوو. بە کورتی و پوختی ئەمانە چەپکێ لە دەستەکەوتە هەرە گرنگەکانی شۆڕش بوون. ئەوەی دەبێت بەسەریدا باز نەدەین، بریتییە لەوەی: شۆڕش زیاتر داوای سیاسی هەبووە تا کۆمەڵایەتی. شۆڕشگێڕان پاشایان هێشتا  قبووڵ بوو بۆیە نەشیان کوشت، بەڵام بەدەستوور دەسەڵاتی دیاریی بکرێ، لەسەر مۆدێلەکەی ئینگلتەرا، هەروەها موڵک و ماڵی فیوداڵەکانیان زەوت نەکرد و لێیان نەسەندنەوە. دەستکەوتێکی تری پڕشنگدار ئازادی چاپەمەنی سەری هەڵدا. لەسەردەمی Ancin Regime لە شارێکی وەک پاریس تەنیا   6 ڕۆژنامە دەردەچوو، لەم قۆناغەدا ژمارەی ڕۆژنامەکان گەیشتنە زیاتر لە 300 دانە. ساڵێک دواتر بووە دوو هێندە زیاتر. لە نێو وتارنووسەکاندا ناسراوترین کەسایەتی Jean -Paul Marathon  بوو، کە خاوەنی ڕۆژنامەی  Ami du Peuple  بە نووسینە بەهێزەکانی خەریکی وروژاندنی خەڵک و هاندانیان بوو بۆ بەردەوامی شۆڕش.

دیارە ئەوەی شاراوە نییە، شۆرش نەیدەتوانی بە شەورۆژێک هەموو کێشە کەڵەکەبووەکان چارەسەر بکات و بارودۆخی خەڵک بگۆری. بەتایبەت کێشە قوڵەکانی ئابووریی پێ چارەسەر نەکرا، بۆیە دوای ئەم قۆناخە و لەتەک بەدەست هێنانی ئەم هەموو دەستەکەوتانەشدا، هێشتا بارودۆخەکە هەر بەخراپی مایەوە و چ گۆرانێکی بەرچاو لە گوزەرانی خەڵکدا دروست نەبوو. زۆریشی بەهۆی ئەوەوە بوو کە پاشا خاوەنی ڤیتۆ بوو، دەبوو واژۆش لەسەر بریارەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی دانێ، دەنا بریارەکان نەدەچوونە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەویش چەندی پێ بکرایە کەمتەرخەمی لە راپەراندنی کارەکانیدا دەکرد و بەردەوام داوای دەکرد ئەم دەستوورە نوێیە لابرێ و بگەرێنەوە بۆ سیستەمە کۆنەکە.

بەم شێوەیە سەردەمێکی ئاڵۆز و پر لە ترس و تۆق هاتە مەیدان، کە ناسراوە بە ترسی گەورە/ Grande Peur، بارودۆخ بە هۆی ناکۆکییەکانەوە شێوا و گرووپەکان خۆیان چەکدار دەکرد. سەرەتای ململانێش لەسەر دەسەڵات لەنێو گرووپەکان دا سەری هەڵ دەدا. ئەوە بوو بە کاریگەرێتی نووسینی نێو رۆژنامەکان، واتە رۆژنامەیەک هەواڵ بڵاو دەکاتەوە، کەوا خەڵک بچێ بۆ کۆشکی ڤێرسای کە چارۆچکەیەکی نزیک پاریس بوو و پاشا ناچار بکەن بێتە پاریس، لە نزیک گەلەوە بێت تا کۆنترۆڵ بکرێ و بیخەنە ژێر چاودێریی و گوشاری زیاترەوە.

بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینە زۆر شتی گۆری، واتە هێزی نووسین/ وتارێکی رۆژنامەوانی و هەواڵێک توانی زۆر شت بگۆرێ،زیاتر لە فەرمانی پاشا نووسین هێز پەیدا دەکات. لەم سۆنگە و خرۆشانەوە ژمارەیەکی زۆری ئافرەت کە بە " ژنانی پاریس" ناسراون، زیاتر لە 7000 هەزار - کە برسی و بێ حاڵ بوون و منداڵی هەتیویان بەسەردا کەوتبوو- ، لەگەڵ کازیوەی بەیانی رۆژی 6.10.1789 دا، پەلاماری کۆشکی پاشایان دا و تەنانەت ژووری نووستنەکەشیان تاڵان کرد. لەم هەڵمەتەدا کوشتار لە هەردوو لا روویدا. دواجار پاشایان ناچار کرد بە خێزانەکەیەوە بێتە نزیک پاریس و لە کۆشکی Tuilerien بە دەستبەسەریی نیشتەجێ بێت. بەم جۆرە ئیتر پاشای نزیک و دەستبەسەر توانای ئەوەی نەما، کەمتەرخەمی بکات و واژۆ لەسەر بریارەکان دانەنێ. دەبوو خێرا بکات و کاروبارەکان راپەرێنێ. دوای ئەم رووداوە، بەشێکی مێژوو نووسان بە قۆناغی یەکەمی شۆرشی فەرەنسی ناودێر دەکەن.

کۆنگرەی نەتەوەیی سەرگەرمی گەڵاڵەکردنی دەستوور بوو. دەستووری نوێ بە یاسا سنووری بۆ دەسەڵاتی پاشا دیاری کرد. خەڵک ئازاد بوو لە هەڵبژاردنی پیشە و دروشمەکانی شۆرش" ئازادی و یەکسانی و برایەتی" بڵند کرایەوە. دەرگا بە رووی ئازادی خەڵکدا کرایەوە. کێشەی سەرەکی لە دەستووری نوێدا، رێبەندی بوو لە بەشدارانی هەڵبژاردن. واتە هەر کەسێک بۆی نەبوو بەشداری هەڵبژاردن بکات. دەبوو: کەسێکی تەواو چالاک بوایە، تەمەنی سەرووی 25 ساڵ بوایە، کاری بکردایە موچەی 3 رۆژی مانگانەکەی بە نزیکەیی 7-10 Livre ی وەک باج بدایە، خاوەن ماڵ یان توانای کرێدانی هەبوایە. بەمەش تەنیا 4,3 ملیۆن کەس بەشداری هەڵبژارد بوون و نزیکەی21 ملیۆن کەس لێی بێبەش بوون،بەتایبەت ژنان مافی بەشداری کردنیان نەبوو.

وەک ئاماژەمان پێدا، دەستەی گشتی گۆرا بەکۆنگرەی نەتەوەیی. Bailly لەلایەن کۆنگرەوە کرا بە پارێزگاری شاری پاریس و La Fayetteبووە فەرمانداری سەربازی گاردی نەتەوەیی شار. کۆنگرەی نەتەوەیی کۆمەڵێ بریاری گرنگی دا بەتایبەت لەسەر مرۆڤ و مافەکانی و لەم بەیانە بەڵگەنامەییەدا، هیچ ئاماژەیەک نەدرا بە پێگە و گەورەیی و دەسەڵاتی پاشا. شۆرشگێران بەمەش وازیان نەهێنا و داوای ئەوەیان دەکرد چارەسەری کێشەکە سیاسییەکەیان بکرێ. ئیدی کەوتنە نەخشەکێشان بۆ زۆر کاری تری خزمەتکردنی مرۆڤ و هاوڵاتی بوون.

لەبەرئەوەی بەو گەرماوگەرمە هەموو شت نەدەکرا، کەواتە پێویست بە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نەتەوەیی بوو. کۆبوونەوە ساز بوو، بریاری دوو شتی گرنگی دا: چەسپاندنی مافی مرۆڤ و لە دەسەڵات خستنی خانەدانەکان، لەرۆژی 3.9.1791 واتە ساڵێ پاشتر پاشایەتی دەستووریی راگەیەندرا کە سنووری دەسەڵاتی پاشای تێدا سنووردار بوو. دوای مشتومر و شپرزەییەکی زۆر لە 14.9.1791 دا دەستووری گەڵاڵە کرا و بریاری لەسەر درا. بەم پێیە دەسەڵاتی پاشا لە زۆر بواردا کەم کرایەوە. کۆنگرەی نەتەوەیی بووە ئۆرگانێکی سیاسی وڵات و سەرچاوەی بریاردانیش. هەروەها وڵاتی بەرەو سیستەمی پاشایەتی پارلەمانی برد. کەواتە بەم شۆرشە دەستوورێکی نوێ هاتە کایەوە کە پاشا بۆی نەبوو هەموو شتێک بڵێ و بکات. هەتا ئەم کاتەش کەس باوەری وا نەبوو، پاشا لەسەر دەسەڵات لابەرێت، کۆتایی پێ بهێنرێت، نە خەیاڵێکی واش بە مێشکدا کەسدا گوزەر دەکرد.

قەیرانی ئابووری هەر درێژەی هەبوو، هەژارەکان نان و ئاوی خواردنیان نەبوو، برسی و ماندوو. قەیرانە ئابوورییەکە هەڵاوسانی دارایی دروست کرد. حکومەی پارەی کاغەزی Anteilschein asignuten. April 1790 خستە نێو بازارەوە. ئەم کاغەزە بووە بەشێک لە پارە تاهەڵاوسان دروست بوو. کۆنگرەی نەتەوەیی هەموو دەسەڵاتێکی بەسەر حکومەت و پەرلەمان و یاسادانادا هەبوو. جێبەجێکردن واتە واژۆ لەسەر دانان هێشتا لای پاشا بوو، پاشا خاوەنی ڤیتۆ Vietoبوو. دەسەڵاتی دادوەر لای دادوەر و بێلایەن بوو. خانەدانەکان بەدۆخەکە خۆشحاڵ نەبوون زۆریان هەڵاتن بۆ دەرەوەی وڵات هەوڵی سازدانی بزاڤێکیان دەدا دژەشۆرش، چونکە پشتیوانی دەرەکییان لە نەمسا و پرووسیا و رووسیا و بۆربۆن هەبوو.

ئەو خانەدانانەی ماشبوونەوە هێشتا دەستیان بەسەر بازاردا گرتبوو، مولْیان لە حکومەت دەکری و دەفرۆشتەوە، گوزەرانیان خراپ نەبوو. ئا لەم ژینگەیەدا کە زۆرێک پێی وابوو شۆرش تەواو و گەیشتوتە ئامانج، دەستەیەکی توندرەو پەیدابوون بەناوی

Sanculotten ،کە خۆیان وا پێناسە دەکرد: پیادەڕەون و خاوەنی ملیۆنان پارە و کۆشک و تەلار نین و بەگژ هەر کەسێکدا دەچنەوە دژ بە شۆڕش بوەستێتەوە. هاوکات پانتۆڵی سەرئەژنۆ بەستراویان یاخود کورت لە پێ دەکرد، بۆئەوەی لە خانەدان و پیاوانی ئاینی جیابکرێنەوە. ئەمانە بەهێزەوە هاتنە گۆڕێ و داوای بەردەوامی شۆڕشیان دەکرد و زۆر بێ بەزەیی بوون لەگەڵ نەیارانی شۆڕشدا و پەناشیان بۆ زەبرەزەنگ دەبرد.

دەسەڵاتی نوێ هەڵبژێردراو ناسراوە بە دەستەی دامەزرێنەر Constituante تا پایزی 1891 دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو. بارەگای لە هۆڵێکی کۆشکی پاشا کە جێی 2000 هەزار کەسێک دەبۆوە لەگەڵ سەکۆیەکی پێشبڕکێی ئەسپسواری بوو، بۆ نزیکەی 600 کەسێک. ڕاگرتن و پاراستنی یەکێتی نەتەوەیی ئامانجی گەورەی دەسەڵاتی ناوبراو بوو. بەپێی ڕۆح و ئەقڵی شۆڕش و بە یەکسانی لە نێو بەشەکانی دا. بەمەش دەویسترا پەیامی بەناوەندی کردنی دەسەڵاتی برایانە. کە سەرۆکی ئەم بزاڤ و ڕێکخراوە لافایتی خانەدانی لیبەڕاڵ بوو.

هەتا ئەم دەمە لە فەڕەنسادا حیزب و ڕێکخراوێک بە چەمکی مۆدێرن نەبوو، وردە وردە دەست بە دروستکردنی حیزب و یانەی جۆراوجۆر کرا. کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی دروست کرد. یانەی یاخود کۆمەڵەی یاکۆبین/ Jacobin دروستکرا، کە لەماوەیەکی کورتدا نزیکەی 450 لقی لەتەواوی وڵاتدا لێ دامەزرا. بە کورتی نزیکەی سێ یەکی دانیشتیوانی پاریس بوونە ئەندامی یاکوبین. زۆر ڕادیکاڵ و دژی ئاین بوون و لەلایەن کەسانی پلەباڵای خاوەن پێگەی هاوڵاتییەوە بەڕێوە دەبرا. ڕێکخراوێکی تریش بەناوی Cordeliers بەسەرۆکایەتی J.P. Morat دروست بوو، ژنانیش دەیانتوانی ببنە ئەندام تێیدا. دەستەیەکی تریش هەبوون ئەرستۆکرات حەزیان بە ڕژێمی پاشایەتی دەکرد یاخود سیستەمی پاشایەتی بەسەرۆکایەتی J. Maury . ئەمانە هەموویان لەناو کۆنگرەی نەتەوەییدا بوون، لە ململانێیەکی سەختی دەسەڵات گرتنە دەستدا بوون. لەسەر پێشنیازی قەشەی شۆڕشگێڕ تالیران , Charles Maurice Talleyrandمیرابۆ Graf von Mirabeau کە لەگەڵ سییەس Sieyes دا، ـ کە باوەڕیان بە دەسەڵاتێکی پاشایی دەستووری هەبوو، پەرلەمان دەسەڵاتی فراوانی هەبێت بە ڤیتۆی پاشاوە ـ نوێنەرایەتی دەستەی شۆڕشگێڕانی نیشتمانپەروەریان دەکرد و وتاربێژ و پێشڕەو بوون. لەناو کۆنگرەی نەتەوەیی دا بڕیاریان دا دەستبگرن بەسەر کەلوپەل و سامانی کڵێسای کاسۆلیکیدا و بیکەن بە موڵکی دەوڵەت. دەبێ ئاماژە بەوە بدەین، نزیکەی 40 هەزار خانەدان کە زۆربەیان ئەفسەر و پلەی بەرزی ناو سوپایان هەبوو هەڵاتن و ئاوارە بوون. ئەوی مابوو لەتەک پاشادا بەردەوام بە هەوڵی جۆراوجۆر دەیانویست وڵات بگەڕێننەوە بۆ قاڵبەکەی جاران. خەڵک تا دەهات نارەزایی زیاتر دەبوو، بەشێکی زۆری داوای تەفروتوناکردنی بنەماڵەی پاشایەتییان دەکرد، بەتایبەت یاکوبینەکان.،بەڵام کۆنگرەی نەتەوەیی دژ بوو. ئیدی خۆپیشاندان سەری هەڵدا و بە توندی دامرێکندرایەوە.

لەم دۆخەدا لە 3.9.1791 بۆ یەکەمجار دەستووری سیستەمی پاشایەتی دەستووریی پەسەندکرا. پاشا دەسەڵاتێکی دیاریکراوی جێبەجێکردنی پێدرا و کۆنگرەی نەتەوەیی یاساداڕشتن کە بەشی شێرەکەیە..

یانەی یاکوبین کە لەلایەن ڕۆبسپیر M. Robespierre ی سەرکردایەتی دەکرا و گرووپی سانکولۆتەکان Sansculotten پشتیوانیان لێ دەکردن . هەتا دەهات دەنگی نارەزایی بەرانبەر بە پاشا بەرز دەبۆوە و داوا دەکرا لە دەسەڵات بخرێ... هەرایەکی زۆر دروست بوو، بەشێکی زۆر کۆبوونەوەی جێهێشت و ئەوانەی مانەوە پاشایان لەدەسەڵات خست و یەکەم کۆماری یاکوبیان ڕاگەیاند.

بارودۆخ بەم شێوە بەردەوام بوو، تا ئەوکاتەی کە دەستی دەرەکی وڵاتانی » نەمسا و پرووسیا و هەنگاریا« دەستیان کرد بە کێشە نانەوە، چونکە باوەڕیان وابوو، ئەوەی لە پاریس ڕووی داوە، لای ئەمانیش ڕوو دەدات..کەواتە شۆڕش دەبوو لەسەر دوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە درێژە بە شەڕ بدات.

پاشاژن Maria A خوشکی قەیسەری نەمسا بوو، هەوڵی دەدات براکەی بەهانایەوە بێت. پاشاژن بەردەوام بەئاگاداری پاشا و بەدزی نامەی دەنارد و داوای دەکرد رزگاریان بکەن. دیارە بە دیوێکی تردا پاشاکانی ئەوروپا هەموویان/ زۆربەیان تێکەڵ و خزمی یەکتریش بوون. بە واتایەکی تر دوو ساڵ دوای شۆڕش 1791 پاشا بڕیاری دا دەسەڵات بەدەست بهێنێتەوە و وڵات لەم پاشاگەردانی و بێ سەروبەرییە ڕزگار بکات. سەرەتا پاشا و پاشاژن لە شەوی 20-21.7.1791 خۆیان بەشێوازێکی تایبەت گۆڕی تا نەناسرێنەوە هەوڵی هەڵهاتنیان دا. تا بچنە دەرەوەی وڵات و بە هاوکاریی دەرەکی ئەو هەموو ئەفسەرە هەڵاتووە لەشکرێک پێک بهێنێ و دەسەڵات بگرێتەوە دەست. بەڵام لە بازگەیەکی سنووری Varennesیاخود Aragon لەسەر سنووری بەلژیکای ئێستا گیران و گەڕێندرانەوە بۆ نزیک پاریس. هەواڵی گیرانەکەی لایەنگرەکانی شڵەژان و نیگەران کرد و باوەڕی خەڵکی لەق کرد بەدەستوور و بووە گەورەترین هۆکاری جیابوونەوە و پەرشوبڵاوبوونی شۆڕشگێڕەکان و سەرهەڵدانی بیروڕای جیاواز لەگەڵ کوشتن و دژ بە کوشتن...

ئۆکتۆبەری 1791 کۆمەڵێکی ناو کۆنگرەی نەتەوەیی کە سەرەتا بەناوی Feuillantsەوە و پاشان بەناوی Girondisten ناسران خۆیان بە میانڕەو دەزانی لە یاکوبییەکان جیابوونەوە. ئەمانە خەڵکی دەرەوەی پاریس بوون و ناوچەی گیرۆند قەڵایان بوو، هەربۆیە بەو ناوەوەشە ناونراون و سەرکردەکەیان Brissotins بوو. کۆنگرە ئیفلیج بوو،کاروباری بەزەحمەت دەچووە ڕێوە.لەبەرانبەردا

گرووپێکی تر بەناوی Montagnands دروست بوو، ئەمانە و گرووپی سانسکلۆتەکان لە خەڵکانی بازرگان و مافپەروەر و پیشەوەر و خاوەن کارخانەی بچووک پێکهاتبوون. سەرۆک و ڕابەریانپارێزەی تازە هەڵکەوتوویی تەمەن 30ساڵە Maximilian Robspierre بوو،کە لەدەسەڵات و یاسادارشتن دا نوێنەرایەتی دەکردن مەیلێکی ڕادیکالیان پێوە دیار بوو. هەڵاتنی پاشا و مان و نەمانی مایەی سەر هەڵدانی ئەم جیابوونەوەیە بوو.

زۆری پێ نەچوو سانسکۆلەکان هەڵاتنەکەی پاشایان بە ناپاکی لە نیشمان و نەتەوەی فەڕەنسا لە قەڵەم دا و ویستیان بیکوژن.. بەڵام کۆنگرەی نەتەوەیی لە پێناوی ئەوەی سیستەمی پاشایەتی تێک نەچێت، فەڕەنسا وەک وڵاتانی دیکە لە شکۆی بێ پاشایی بێبەش نەبێت، کۆبوونەوە و هەڵاتنەکەیان بۆ داپۆشی، بەوەی گوایە هەوڵی ڕفاندنی پاشا لەلایەن دوژمنانەوە دراوە!. دواتر پاشا بەچڕی کەوتە ژێر چاودێرییەوە. هاوشانی ئاڵۆزی و شپرزەیی باری ناوخۆ، هەڕەشە و گوڕەشەی دەرەکیش لە وڵاتانی دراوسێوە دەستێ پێکرد. بەیانی هاوپەیمانێتی نەمسا و پرووسیا لە 27.8.1791 Deklaration von Pillnizt دژ بە فەڕەنسا ڕاگەیەندرا. شۆڕشگێڕەکان ئەم هەڕەشە گوڕەشەیەیان هەر بە کەفوکوڵی هەڵچوو وەرگرتوو و چ بایەخێکیان بۆدانەنا، چونکە باوەڕیان وابوو نەتەوەیەک لە شۆڕشدا بێت، هەرگیز کەس ناتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێت.

شۆڕش لە ناوەوە و دەرەوە بەردەوام بوو هاوپەیمانێتییەکی گەورە لەدەرەوە لە نێوان نەمسا، پرووسیا، رووسیا و ئیسپانیادا بۆ گەمارۆدانی فەڕەنسا دروست بوو. لە بەرانبەر ئەم هەڕەشانەدا کۆنگرەی نەتەوەیی لە ڕۆژی 20.4.1792 شەڕی دژی نەمسا ڕاگەیاندن. هەندێ کەس لەگەڵ شەڕدا نەبوون لەوانە ڕۆبێسپیر کە دەیزانی لەم دۆخەدا فەڕەنسا توانای شەڕی نییە و دەدۆڕێ و بێگانە دێنە ناو وڵاتەوە و شۆڕش لەبار دەبەن. ئەم کەسایەتییە هەر لەخەمی قوتارکردنی شۆڕش دا دەمێنێتەوە. لە بانگەوازێکی خێرا زۆرینەی خەڵک خۆبەخشانە دەست بۆ چەک هەڵگرتن دەبەن و بەرەو بەرەکانی جەنگ دەکەونە ڕێو هەر سەروبەندەشدا بۆیەکەم جار لە مێژوودا مارسلیزی فەڕەنسا / سروود و مارشی نەتەوەیی فەڕەنسا نووسرا و بڵاو کرایەوە لە لایەن Rouget de Lisle و سەبازەکان کە بەرەو بەرەکانی جەنگ دەچوون دەیانخوێند. لەشکرێکی نارێکوپێک توانای شەڕی نەمسای تۆکمەی نەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی پرووسیای ئەڵمانیش هاتە شەڕی دژی فەڕەنساوە. بۆیە فەڕەنسا تێک شکا و هێزی بێگانە بەرەو پاریس کەوتنەڕێ و هاتننە ناوەوە..کەواتە ترس و پەرۆشەکەی ڕۆبێسپیر لە شوێنی خۆیدا بوو.

پرووسیا و ئینگلتەرا دەچنە پاڵ نەمسا. هێرشی هاوپەیمانان دەستی پێکرد و فەرەنسا شەرەکەی دۆڕاند، چونکە سوپایەکی ماندووی بێ ئەزموون کە لەخەڵکی مەشق پێنەکراو ساز درا بوو، ئەفسەرەکان زۆرینەی هەڵاتبوون. لەم ئانوساتەدا کۆمەڵێ نامەی ماریا گیرا کە بۆ نەمسای نارد بوو، زانیاری گرنگی لەسەر فەڕەنسا تێدابوو بۆ دوژمنان. ئیدی ئەستێرەی بەختی پاشا بەرەو ئاوابوون چوو. شایانی وتنە پاشا دڵی بەسەرکەوتنەکانی دوژمنانی فەڕەنسا خۆش بوو. بەردەوام دەیووت با من بێمەوە سەر دەسەڵات وەک جاران بۆ شەڕی ئەو داگیرکانە. بەم هەڵوێستەی پاشا و ئاشکرابوونی ئەوەی ناپاکی دەکات لە وڵات، کاسەی تووڕەیی خەڵک تەواو پڕ بوو. بۆیەکا لەAugust1792 سانسکۆلۆتەکان پەلاماری کۆشکیTuilerien تویلەرین دا بەتەواوی لە دەسەڵاتیان خست و پاریس کەوتە ژێ دەستیانەوە و کۆنگرەی نەتەوەییش کەوتە ژێر باندۆریانەوە. لەم هەڵمەتەشدا کۆمەڵێ خەڵک دەکوژرێ و پاشا و خێزانەکەی هەڵدێن بۆ لای کۆنگرەی نەتەوەیی. بەو نیەت و هیوایەی لەوێ ژیانیان دەپارێزرێ. بەڵام ئەوانیش ناتوانن پارێزگاری لێ بکەن.دواجار لە پەرلەمان بە یەک دەنگی زیادە، بریاری کوشتنی دەدرێ. لێرە بەدواوە یەکەم چرکەساتی مێژوویی فەڕەنسای بێ پاشا دەستی پێکرد و کۆماری فەڕەنسا ڕاگەیەندرا.

دەمودەست لەگەڵ ئەم گۆڕانانەدا ئیدارەیەک بەناوی Commone ساز دەکەن و هەڵبژاردنی نوێ دەکرێ و بەرپرسی گاردی نەتەوەیی لادەبەن و کەسێکی خۆیان دەخەنە جێی. لە پەرلەماندا Nationalkonvert ئەنجوومەنێکی ڕاپەڕاندن دروست بوو، کە یاکوبییەکان تێیدا زۆرینە و باڵا دەست بوون و کۆنگرەی نەتەوەییان هەڵدەسووڕاند. لەسەر داوای ڕۆبسپیری سەرۆکیان بریاری کۆتایی بە دەسەڵات و بوونی پاشا دەدات." بریاری کوشتنی پاشا دەدەن بۆ ئەوەی شۆڕش سەرکەوێ و وڵات بژی". بە کردەیی ڕۆژی 10.8.1792 دەسەڵاتی پاشایەتی کۆتایی دێت و فەڕەنسا پێ دەنێتە قۆناغی سیستەمێکی کۆمارییەوە. ڕۆژی 21.3.1793 بە شێوازێکی هێجگار تایبەت ئامادەکاری کوشتنی پاشا دەکەن. لە هەقیقەتدا خەڵکێکی زۆر هەبوون لەگەڵ کوشتنی بوون نەک لەگەڵ ئەو شێوازی کوشتنەدا، کە لە سەردەمی پاشایەتی خەڵکی پێ دەکوژرا. ئاخر خۆ دەبێت ڕەفتاری شۆڕشگێڕەکان جیاواز بێت لەوانی دیکە!. ئەوە بوو بریاردرا بەشێوازێکی نوێی سەرنجراکێش بکوژرێ. داوا لە زانای فیزیکزان Josef Utah کرا ئامێرێک دروست بکات. ؟ ئەگەرچی گێرانەوەیەک هەیە دەڵێ: ئەم داهێنانە هی وەستایەکی میکانیکی پیانۆ دروستکەری ئەڵمانییە - ئەویش ئامێری ملپەڕێن/ گەردنپەڕێن دروست دەکات، کە ناوەکەی بە Guillotine دەرچووە. ئەم ناوەی دەگەڕێتەوە بۆ دکتۆرێکی فەرەنسی بەناوی Joseph – Ignace Guillotin کەسایەکی سیاسی و ئەندامی کۆنگرەی نەتەوەیی، کەچی وا ناوزراو کراوە لە ڕێی ئەم ئامێرەوە کە هیچ پەیوەندی پێیەوەی نییە. بریار درا ملی پاشا بە شێوەیەک بپەڕێندرێ، خوێن فیچقە بکات بەسەر دەوروبەردا. ئەوەبوو شۆڕشگێران ئەم داهێنانەیان پێ خۆش بوو، دەیان ویست بیسەلمێنن، کەوا گەلێ هومانیستن و جیاواز لە سەردەمی پاشایەتی تاوانبار بە خێراییەکی کەم دەکوژرێ و ئازار و ناڵەی نابێت.

شایانی ئاماژە پێدانە، پاشا ئێوارە سەردانی منداڵەکانی دەکات و ڕۆژێ دواتر بە گالیسکە دەیبەنە مەیدانی Guillotine ی لێ دانرابوو ناوەڕاستی شاری پاریس ، کە ئیمڕۆ ناسراوە بەde la Concorde . پاشا هەوڵ دەدات لەسەر تەختی گەردن پەڕاندنەکە قسە بۆ خەڵک بکات و پەیامێک بڵاوکاتەوە. دەڵێ: « باوەڕم وایە کوشتنی من، خزمەتی بەختەوەری میللەتەکەم دەکات ». دواجار دەیەوێ درێژە بداتە وتارەکەی، بەڵام بەهۆی دەهۆڵ کوتان و شادی و بەزمی خەڵکەوە ناتوانێ دەنگی بگەیەنێتە میللەتی فەرەنسا. دەبێت بوترێ دوای ئەوش کوشتی پاشا نابێتە مایەی ئاشتی و خۆشگوزەرانی خەڵک.. بڕیاری ملپەڕاندنی بە یەکدەنگی زیاتر درا و فەرمانەکە جێبەجێ کرا. ئەم بڕیارە کەس چاوەڕوانی نەبوو. ڕوداوێکی گەورەی قورس بوو. پاشای وڵاتی خۆت بکوژی. هاوپەیمانان هاتنە سەرهێڵ و ئیتالیا و بەریتانیا و پورتوگاڵ هاتنە ڕیزەوە و زۆر شوێنی فەرەنسایان داگیر کرد.

لەم کاتەدا سانکلۆتەکان کوشتارێکی تریش ئەنجام دەدەن و دەچنە ناو زیندانەکانی هەرچی گیراوی تاوانکار و دژە شۆڕش و پیاوانی ئایینی کە سوێندیان بەدەستووری نوێ نەخوارد بوو دەکوژن، لەترسی ئەوەی نەبا ئاژاوەی ناوخۆ دروست بکەن و ببنە هاوکاری دوژمنان. ئەم ڕووداوەش بەناوێ کوشتاری ڕەشی ئەیلوولەوە ناوی دەرکردووە. بە کورتی سەردەمی تۆقاندن و ترس و تیرۆر باڵ دەکێشێ بەسەر فەڕەنسادا.

لە22.8.1794 دەستووری Direktrum کە لە 12 کەس پێک هاتبوو هاتە کایەوە.  قۆناخی دیموکراتی هاتە پێشەوە شۆڕشی فەرەنسی هەموو ئەوروپا و جیهانی بەئاگاهێنایەوە. دروشم و مافە نەتەوەییەکانی ، مافی مرۆڤ لە ئیمڕۆدا کە UNO پەسەندی کردووە و بانگاشەی بۆ دەکات هی ئەو ڕۆژگارەیە. شۆڕش لە زۆر کایەدا کاریگەرێتی نواند: کاریگەرێتی سیاسی: سیستەمی ڕەهایەتی و فیودالی گۆڕی، کاریگەرێتی کۆمەڵایەتی: سەنگی بەخشییە مرۆڤ و هێنایە قۆناغێکی پێشکەوتووترەوە و نرخ و بەهای پێ بەخشی،کاریگەرێتی ئابووری: هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازی سەندیکاکان. کاریگەرێتی کولتووری: فەراهەمکردنی زەمینەی ئازادی لە بواری بیروباوەڕ و ئایین دا و لە بواری ئایینی دا: دین و دەسەڵاتی لێک جیاکردەوە. کەواتە شۆڕش بەم دەستکەوتەوە هەنگاوێکی گەورەی نا.

ماویەتی

**سەرچاوەکان:**


1 ـ الثورة الفرنسية الاولى، 1789-1799 حسان عمران 2016

2 ـ تاريخ لاحركات القوميه فى اوروبه. خمس اجزاء.. تعريب, د. نورالدين حاطوم, ١٩٦٩

بە ئەڵمانی: بینی چەند فیلم و ڤیدیۆیەک لەسەر شۆڕش و ناپلیۆن.

3. Französische Revolution. Johannes Heißen 2010

4. Französische Revolution und Napoleon-Die Umgestaltung Europas. Dirk Hoffmann& Sylvia Hoffmann-Mosolf. 2009

5. Die Französische Revolution. Susanne Lachenicht. 2012

6. Geschichte Frankreich,Vom Mittelalter bis zur Gegenwart Peter C. Hartmann. 2015

7. Die Französische Revolution. Hans- Ulrich Thamer. 2004

8. Die Französische Revolution Hermann Both& A.Gestrichen. 2010

9. Geschichte Frankreichs Wolfgang Schmale 2000

10.Napoleon Revolutionär und Monarch   eine Biographie   Roger Dufraisse 2000